# بەياننامە

بۆجەماوەری شاری هەولێری بێ ئازادیی:

لە سۆنگەی پەرۆشیمان بۆئێستاوئایندەی ولآتەکەمان ، لەسۆنگەی خەمخۆریمان بۆپرۆسەی دیموکراسی و بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیی وسەروەری یاسا داوا لەسەرجەم چین وتوێژەکانی شاری هەولێری خۆشەویستدەکەین بەرێگایەکی شارستانیانە دەستبە مانگرتنی بەرفراوان بکەن لە بەردەم رێکخراوە بیانیەکان وکونسوڵخانەکانی ولآتان لە شاری هەولێر بەتایبەتی کونسوڵخانەی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە ئەمە تاکە رێگایەکە لەم ساتە وەختە بتوانن ئەنجامی بدەن بۆ بەدیهێنانی ئازادیی شارەکەورەتکردنەوەی ستەمکاری، بۆ بەرجستەکردنی سەروەری یاساو مافەکانتان، ، بەرێزان ئەمە باشترین دەرفەتە بۆشکاندنی ئەم بێدەنگیەی شاری هەولێری گرتۆتەوە وپشتیوانیتان بۆخۆپیشاندانی مەیدانی ئازادیی سلێمانی،بێگومان گەورە ترین وەلآمیشە بۆدەسەلآتدارانی شاری (هەولێر) کە تا ئێستارێگری لەخۆپیشاندان وچالاکیە مەدەنیەکان دەکەن بەوەی کە ئابلۆقەیەکی ئەمنی توندیان بەسەرشاری هەولێرسەپاندوە دیارە ئەمەش پێشێلکاریەکی گەورەیە کە دەزگا ئەمنیەکان لەشاری هەولێرلەم ساتە وەختە ئەنجامی دەدەن.

کۆیە

٢٠١١/٣/٢٠